سلێمانی ... دەستگیرکردنی چوار تۆمەتباری روداوێکی کوشتن لە دهۆک و هەڵهاتبوون



ئەمڕۆ پێنجشەممە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی، دەستگیرکردنی چوار تۆمەتباری راگەیاند کە ساڵی رابردوو تاوانی کوشتنیان لە دهۆك ئەنجامدابوو .

ئاسایشی پارێزگای سلێمانی لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، هێزەکانیان چوار تۆمەتباری هەڵاتوو لەیاسایان لەیەکێك لە هێتڵەکانی شاری سلێمانی دەستگیرکرد کە بەمەبەستی خۆحەشاردان ڕویان لەسلێمانی کردبوو.

ئاماژەی بەوەشکردوە، تۆمەتباران لەساڵی 2024دا لەپارێزگای دهۆك لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی هاوڵاتییەکیان کوشتوە و هەڵاتون، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی، ڕۆژی 19ی (ئاب)ی 2025 دوای چاودێری و بەدواداچون و کێکردنەوەی زانیاری، بەیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایش توانیان هەر چوار تۆمەتبار دەستگیربکەن.

ئەوەشیخستەڕو، لەئێستادا تۆمەتباران بە ماددەی 406 لەیاسای سزادانی عێراقی ڕاگیراون و بەپێی تایبەتمەندی کەیسەکەیان، ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆك

ده کرنه وه.